**مێژوونووسی کورد – دکتۆر کەمال مەزهەر**

# مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کورد بەخەباتی بارزانی و بارزانیەکان ڕازاوەتەوە

**زانیار سەردار قرگەیی**

**کوردستان ـ هەولێر**
**حوزەیرانی ٢٠١٠**

ناوی کتێب : مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کورد بەخەباتی
بارزانی و بارزانیەکان ڕازاوەتەوە
دیدار : زانیار سەردار قڕگەیی
تیــراژ : ١٢٥٠

# بەسەرکردنەوەیەکی پێویست

دیدار... چالاکیەکی هونەریی رۆژنامەوانییە، خاوەنی پرنسیپی تایبەتە و ژانرێکی ئەدەبیی سەربەخۆیە، ئەوەی ئەو ئەرکە بەجێئەگەیێنێت، ئەبێت مرۆڤێکی ئەمین و راستگۆ و پێشخانێکی رۆشنبیری و زانیاریەکی ورد و قوڵی لەسەر بابەتەکەو ئەو مرۆڤە هەبێت کە دیدارەکەی لەگەڵ ئەنجام ئەدا.

دیدار... پیاچوونەوەیەکی هۆشمەندانەی هوشیارانەیە و بەئینساف و ئەو پەڕی وردی و مەعریفییەوە، بیرەوەری ژیانی مرۆڤ دەرئەخات، رووداو و بەسەرهاتەکانی رابردوو بە ئێستاو ئێستاش بە ئایندەوە گرێئەدات، ئەو چالاکیە خاوێنانە هەمووی لە پێناو هەڵسەنگاندنی هەردوو لایەنی گەش و رەش، سەرکەوتن و شکستخواردووی رابردووە، تا مرۆڤ هوشیارانەو بە سنگێکی فراوان و گیانی لێبوردەیی سەردەممانەوە، جوان و راستگۆیانە تاوتۆیان بکات... بەوەش فەخر و مەجدی سەروەریەکانی تاکی مرۆڤ و نەتەوەو مرۆڤایەتی دەرئەکەوێت!.

ئاشنایەتی و پەیوەندیم بە برای خۆشەویستم جەنابی کاك دکتۆر کەمال مەزهەرەوە، لە ئاسۆی دنیای رۆشنبیری و زانستانەی بەرهەمەکانیەوە بوو... دواتر راستەوخۆ ساڵی ١٩٧٤ هەردووکمان پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووین.. ئەز نووسەر (محرر) بووم لە ئێستگەی دەنگی کوردستانی عیراق و بەرێزیشی جێگری ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان و سەرپەرشتیاری راستەوخۆی راگەیاندنی

شۆڕش بوو، ئەز پەیوەندیەکی لاوازم پێوەی هەبوو، ئەویش لە ڕێگـای مامۆستا مستەفا ساڵح کەریمەوە بوو، ئالەو ساتەدا، یـەك دیـدەنیم لــە جەمسەری دوو پرسیاردا سەریهەڵداو ڕووبەرووی بەرێزیم کردووە:

یەکـەم: نامیلکـەی "کوردسـتان أو بـلاد الاکـراد" لــە نووسـینی نیشتیمانپەروەر و پێشکەوتوخوازی ئاشـووری "یوسـف مەلـەك"م بـۆ زمانی کوردی وەرگێرابـوو، ئەمویـست زانیـاری لـە بـارەی ئەوزاتـە مەزنەوە "یوسف مەلەك" و "ڕۆژنامەی – ئەسرا" لێوەرگرم.

دووەم: پرسیارم سەبارەت ئیدارە و دامەزراندنی حکومەتی کوردی لە شاری سەردەشت بوو، لە ڕۆژهەلاّتی کوردستان کە بە پـشتگیری شێخ مـەحمودی حەفیـد لـە لایـەن: شـێخ لـەتیف و مـەلا ئەسعەدی مەحوییەوە دامەزراوە... ئەو پەیوەندیەی نێوانمان، بەپچڕپچڕی مایـەوە، تـا پیلانـە گلاّوەکـەی ڕێکەوتنامـەی ١٩٧٥/٣/٦ی نێـوان سـەدامی دیکتاتۆر و محەمەد رەزا شای بێ وەفا.. ئەو پیلانـە قێزەوەنـە وایکـرد، زۆربـەی بەرپرسـەکانی ڕاگەیانـدن، هەریەکـەیان بـە مەبەسـتێك، بارەگاکانی ڕاگەیاندن بەجێبهێڵن!.

من لەو ساتەدا لە (قەسری سەلام) بووم، لە ڕوانگەی هەست بـە بەرپرسیاریمەوە بۆ بـەجێهێنانی ئـەرکی نەتـەوەییم، ڕووم لـە بارەگـای ئێستگەی دەنگی کوردستانی عیراق لە چیای مەمی خەلان کرد.

لــە ڕۆژە ڕەش و سـەخت و سـامناکەکانی کۆتـایی ئـەو نـسکۆ جەرگبڕە، بە تایبەت ڕۆژانی ١٦,١٧,١٨,١٩,٢٠/٣/١٩٧٥، تـەنیا بەندە بۆ بەشی کرمانجی ناوەڕاست و کاك ڕەشید فنـدی بـۆ کرمـانجی ژوورو کاك دارا محەمەد عەلی بۆ بەشی زمانی عەرەبی... لە ئێـستگەی دەنگی کوردستانی عیراق، وەك نووسەر و بیژەر مابووینەوە، بۆ زیـاتر

زانیاری لە مبارەوە، لە: (وێستگەیەکی ژیانمدا بە دوورو درێژی باسی لێوە ئەکەم).. بەڵێ کاتی ٥٠/ ١١ دەقیقەی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ١٩٧٥/٣/٢٠ دکتۆر کەمال مەزهەر و شەهید دارای توفیقە فەندی ئاغا فەتحوڵڵا بەجێیێکی کورت بۆ ئێستگەی دەنگی کوردستانی عیراق هاتن و بەدوورو درێژی باسمان لە ئایندەی خۆمان و شۆرش و ئێستگەی دەنگی کوردستانی عیراق کرد.. لەو کاتەشا دکتۆر کەمال مەزهەر، شیکردنەوەیەکی زانستانەی جوانی بۆ رۆڵی بارزانی و شۆڕش و ورەی جەماوەر هەبوو.. دواتر پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول من لە سلێمانی بووم، رژێمی بەعس نووسراوێکی بە ناوی گوایە ((ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی بەعس)) ئاراستە کردم، بە تۆمەتی پێشمەرگەو هاوبەشیکردنم لە شۆڕشی ئەیلولی پیرۆزدا، پێنج ساڵ بۆ سەماوە نەفیکرام.

هەر لەودەمەدا، ئێمە ئەدەبیانی کورد چەند برایەردێك بووین، سەرمان بەیەکەوە نابوو، جارجار گەشتێکی دەرەوەی شاری سلێمانیمان ئەکرد، ساڵی ١٩٨٢ ئەم برایەردانە:. (کاك شێرکۆی بێکەس، کاك مستەفا ساڵح کەریم، کاك رەئوف بێگەرد و بەندە) بۆ بەغدا چووین، دکتۆر کمال مەزهەر بەهاوبەشی زانای پایە بەرزی بیری نەتەوەیی و مرۆڤایەتی مامۆستا مەسعود محەمەد لە (کۆشکی قوببە) لای (معرض بغداد الدولی) بانگێشتە شەوێکی خوانی، خواردن و خواردنەوەی نایابی کردین، شەو کۆرێکی ئەدەبی، سیاسی، مێژوویی بەسوودمان بەرێکرد، دکتۆر کەمال زانستانە نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی پیرۆزی لێکدایەوەو رۆڵی بارزانی مستەفاشی راستگۆیانە خستەروو.. ئا ئەوە سەرەتای چێژی بەرکۆڵی ئاشنایەتی دۆستایەتی

رۆحی نێوانمانی هێنایەکایەوە و زیاتر لە ناخی پاکێتی و دڵسۆزی ئەم مرۆڤە مەزنە گەیشتم.

فەخرە بۆ هەر مرۆڤێکی بەویژدان، نەك تەنیا لە ژیان و هەڵویست و بەرهەمەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر بدوێ، بەڵکو پشوودان لە ژێر سایەی ئەو بەرهەمە ناوازانەیدا، ئارامی گیان و ویژدان بە مرۆڤ دەبەخشێت.. ئەم دیدارەی کە لەلایەن لاوی دڵسۆزو چالاکی شاری سلێمانی زانیار قڕگەیی سەبارەت بیرو هەڵوێست و بەجێهێنانی ئەرکی نەتەوەیی سەرۆکی نەتەوەی کورد بارزانی مستەفا ئەنجامیداوە، مێژووی شکۆی نەتەوەییمانە..

ئەگەر چی نووسینی ئەم چەند دێڕە لەسەر داوای کاکە زانیارە، وەلێ بۆ من سەربەرزی و شەرەفە، روو لە دنیای زانستانەو جیهان و بەرهەمەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر بکەم.. ئەو بۆچوونە وردو بیرورا زانستانانەی دکتۆر کەمال دەربیرِیون بایەخی زانستی و راستی مێژوویی نەتەوەیی و پەیامی مرۆڤانەی هەیە.

دەبێت مرۆڤی سەر ڕاست و دڵسۆزی خاك و نەتەوەو مرۆڤایەتی، بە نەوازەشەوە، (دەست و دەم) خۆشی لە دکتۆر کەمال بکات.. بۆ ئەو مەبەستەی لێرەدا تیشکی راستگۆیی ئاڕاستەی ژیان و خەباتی سەرۆکی نەتەوەیی کورد بارزانی مستەفا کردوە.. بێ خاترانە و بەو پەڕی ئەمانەتەوە پەیامی پیرۆزی خۆی گەیاندوە.

**دکتۆر- عەبدوڵلا ئاگرین**
**زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر**
**٢٠١٠/٦/١٤**

# مێژوونووسی کورد- دکتۆر کەمال مەزهەر
# مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کورد
# بەخەباتی بارزانی و بارزانیەکان ڕازاوەتەوە

پرۆفیسۆر- کەمال مەزهەر ئەحمەد، گەورە ئـەکادیمی و مێژوونووسـی کـوردە، مرۆڤێکـی هەڵــکەوتووە و لــەخێزانێکی ناسـراوی شـاری سـلێمانیە، بـەڵام بـەهۆی پیـشەی باوکیـەوە کـە ئەفـسەربووە گواستراونـەتـەوە بۆ (ئاغجەلەر) و لەسـاڵی 1937 دا هـەر لەوێـدا لەدایکبووە.

کەمال مەزهەر لێوانلێوە لە زانـستی مێـژووی کـۆن و هاوچـەرخدا و پسپۆرو شارەزایەکی گەورەی ئـەو بوارەیـە و پـتر لـە نیوسـەدەیە لـە بواری زانست و زانیاری مێـژووی نەتەوەکەیـدا بێوچـان تێدەکۆشـێ وخزمەت و راژەگوزاری بە رۆڵەی کورد دەکات ، بەوە ناسراوە کـە بە ویژدانەوە و بەڕاسـت و دروسـتی، رەوش و رووداوەکـانی مێـژوو تۆماردەکات، زۆربەی ژیانی تەرخانکردووە بۆ نووسینەوەی مێژوو بـە تایبەتی لایەنی سیاسییەکەی .

لەم ساڵانەی دواییدا کـە شـەو و رۆژی خـستۆتە سـەریەك لـە پێنـاو ساغکردنەوەی مێژووییەکی راستەقینەی نەتەوەکەی لە نێو بەڵــگەنامە جیهانییەکاندا ئازایانە کاری کردووەو ئێستاش بەردەوامە، کە ئەمـەش خزمەتێکی گەورەی کەم وێنەیە بە نەتەوەکەمان .

پاش تەواوکردنی قۆناغـەکانی خوێنـدنی بەسـەرکەوتوویی، د. کـەمال

لەساڵی 1960 دەچێتە یەکێتی سۆڤیەت بـۆ خوێنـدن و سـاڵی 1963 دکتۆرای یەکەمی لەژێر سەرپەرشتی (د. رەحیمی قازی) وەرگرتـووە، لە ساڵی 1969 دکتۆرای دووەمی لە مۆسکۆ وەرگرتووە، لـە سـاڵی 1970 تـا ئێـستا مامۆسـتای کۆلـیـژی ئـەدەبیاتی زانکـۆی بەغدایـە، سکرتێرو ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کوردبووە لە بەغدا، ئەندامی ئەکادیمیای زانستی کوردستانە، دەیان توێژینەوە و کتێب و نووسینی لە بارەی مێژووی کوردو کوردستان بەزمانەکانی کـوردی و عـەرەبی و رووسـی هەیـە و چـەندین پـرۆژەی تازەشـی ئامـادەن و کـاری تێـدا دەکـات، بـۆ وێنــە بەڵــگەنامەکانی ئەرشـیفی وەزارەتـی دەرەوەی بەریتانیای پەیوەند بەکوردەوە .

لە کۆڕی زانیاریدا رۆڵی بەرچاوی گێڕاوەو گەلێك بابەتی بە پێزو بـە نرخـی هەیـە لــە بـواری مێـژووی کـۆن و نوێـدا، ئێـستاش خـۆی تەرخانکردووە بۆ کوردو بووژاندنـەوەی میراتـی کـورد . دۆسـت و برادەری زۆری هەیە، بە تەنگ زۆر شـتی برادەرەکانیەوەیـە بەتایبـەتی کەسایەتی سیاسـیی و نـاودار (فوئـاد عـارف) کـە وەك ئەرشـیفێکی سیاسیی گەورە وایە لە ڕووی مێژووی ئێراقی هاوچەرخەوە . دکتـۆر کەمال مەزهەر بۆ نووسینەوەی ئەو ئەرشیفە و رزگارکردنی لە فـەوتان هاوکارێکی باشیەتی و دڵسۆزانە کاری تێدا کردووە.

چـەندین زمـانی بیـانی بـە باشـی دەزانـێ و وێـڕای ئـەوەش کـە مێژوونووسێکی ئەکادیمیە، نووسەرێکی بەرچاوەو بەشـێوازی کـوردی نووسینی ڕەوانیدا لە نووسـەرە دیارەکـانی کـورد هـەژمار دەکرێـت، جگە لـەو بوارانـەش گـەلێك کتـێبی سیاسـیی هەیـە کەنووسـەران و

رۆشنبیران و قوتابیانی کوردو تەنانەت بیانییەکانیش وەك دیکۆمێنتو سەرچاوەیەکی گرنگ سوودی لێوەردەگرن ..

د. کەمال لەساڵی (١٩٥٨) چۆتە دیدەنی بارزانی نەمرو چەند وێنەیەکی دانسقەشی لەتەکدا گرتووەو دیداریشی لەگەڵدا سازداوە.. لەسەر داوای سەرۆك مستەفا بارزانی و بەنامەی بەڕێز - مەسعوود بارزانی لەساڵی (١٩٧٤) وە پەیوەندی کردووە بە شۆڕشەوە و رۆڵێکی کارای گێڕاوە لەنێو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەتایبەتی لەبواری راگەیاندندا .

زۆر لەمێژە بە پەرۆش بووم لە نزیکەوە ببینم و چەند پرسیارێکی لەسەر بارزانیی نەمر ئاراستە بکەم، رۆژێك ئەو حەزەم هاتەدی و لەشاری سلێمانی سەردانم کردو بە خۆشحاڵیەوە پێشوازی لێکردم و راست و دروستی خەبات وتێکۆشانی و باس و خواسی بارزانیمان پێکەوە باس کرد.

بەهیوام بەم دیدارە کورتە توانیبێتم تینوویەتی خەڵکی تارادەیەك بشکێنم.. یاخود وەڵامی پرسیار گەلێکی خوێنەرانمان بەدەستهێنابێ...

**● بەڕێز د. کەمال مەزهەر چ زانیاریەکت هەیە لەسەر بارزانی نەمرو بارزانیەکان، بەتایبەتی لەو سەردەمەی کە لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی ڕاگوێزرابوون بۆ شارەکانی ئێراق بەگشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی؟**

- بێگومان دۆست و دوژمن دان بەو راستیە دادەنێن کە بازرانی نەمر رابەرێکی گەورە بووە، بارزانی یەکێکە لەو رەهبەرە گەورانە، زۆر

جار و گەلێك شتم دەربارەی بارزانیی نووسیووە، زۆریش بەختــەوەرم گەر بتوانم ئەو وێنەیە بدۆزمــەوە چــەند وێنەیــەکم هەیــە کــە بــارزانی گەڕایەوە بۆ ئێراق و بەغدا و لەوێشەوە بۆ کوردستان لە یــەکێك لــە ئوتێلــەکانی بەغدا دابەزیبوو، من هێشتا قوتابی پۆلی چوارەمی (خانەی بەرزی مامۆستایان) بووم لە بەشی مێژوو، بەڵام دەمزانی بارزانی چەند گەورەیە، بۆیە چووم بۆ ئوتێلەکە بۆلای بەڕێزی و دیــدارێکم لەگــەڵ کرد، شانازی بەوەوە دەکەم کە چەند وێنەیەکمان گیراوە پێکەوە لــەو کاتەدایە کە من قەڵەمەکەم داوەتە دەستی و چــونکە حــەزم کــرد ئــەو قسانەی کە ئەو دەیانکات ئیمزای خۆی لەسەربێ، ئەو وێنەیە بەتایبەتی زۆر شانازی پێوەدەکەم .
دوای ئــەوە بەماوەیــەکی کــورت بەســاڵێك و چــەند مانگێــك ئێمــە دەستەیەك لاوی کــوردی باشــوور بــوویــن نێــردراین بــۆ یەکێتــی ســـۆڤیەت. وەك گــووتم : ئێمــە نێــردراین بــۆ یــەکێتی ســۆڤیەت بــۆ وەرگرتنی دکتۆرا، چونکە ئەو کاتــە قوتابیــان دەنێــردران بــۆ یــەکێتی سۆڤیەت و پەیوەندی لەگەڵ بەریتانیادا خراپ بوو.
دوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ .. لەوێ لەهەموو نامەو نووســیینەکانی خۆمدا باسی هەموو ئەو راپەڕین و شۆڕشانەم کردووە کە بەڕابەرایەتی (مستەفا بارزانی) کراوە، یەکەم نامەی دکتۆرا کەم لەساڵی **١٩٦٣** دا تەواو کرد، ئەو نامەی دوکتۆرایــەم لەســاڵی **١٩٦٧** چــاپکرا، ئــەوە یەکەم کتێبمە کە چاپکرێت.
مافی خۆمــە کــە شــانازی پێــوە بکــەم کــە " هێربــەرت ئیڤــانس " کــە رۆژنامەنووسێکی ئینگلیزە لەژمارە (٢) ی گۆڤاری (میدل ئیــست) دا

برێکی باش بەسەر ئەو کتێبەدا هەڵداوە و شتی باشی دەربارەی نووسیووە، جا ئەوەی کە یەکجار سەرنج رادەکێشێ و دڵم خۆشدەکات ئەوەیە کە ئەو نووسەرە هەستی نەکردووە کەمن کوردم، کەوا بێ من جلەوم شل نەکردووە بۆ هەستی خۆم وەکو کوردێک بەڵکو هەوڵمداوە بابەتیانە باسی رووداوەکانی کوردستان بکەم، لەو کتێبەدا گەلێك شتی تێدایە دەربارەی بارزانی و شێخ ئەحمەدی بارزانی و خەباتی بارزانیەکان.

لەنامەی دکتۆرای دووەممدا ١٩٦٩ کە هەر لەیەکێتی سۆڤیەت تەواوم کرد، بەراستی بڕوانامەی دکتۆرا ئاسان نیە و زۆر زەحمەتە و زۆر دەگمەن وەردەگیرێ و دەبێت ئەو کەسە بابەتێکی ئێجگار گرنگ پێشکەش بکات، من لەو ساڵەدا ئەو دکتۆرای علومەم کە « ناوکی » پێدەڵێن وەرگرت . دیسان تەرخانم کرد بۆ پرسی کوردو خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد، لەوێشدا گەلێك جار باسی بارزانیم کردەوە.

ئەو بڕوانامەیە لەکوردا تەنها دوو کەس وەریگرتووە، من یەکەم کەس بووم لەساڵی ١٩٦٩ دا وەرمگرتووە لەمێژوودا، دووەم کەسیش د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ بوو لە ئەدەبدا وەریگرت، پێموایە چاپی کردووە، جا مەبەستم ئەوەیە لەنامەی دووەمیشدا گەلێك جار هاتوومەتە سەرباس و خەباتی بازرانیی نەمر. ئاگادارم کردی بە بەرگی دووەمی بیرەوەریەکانی مامۆستا فوئاد عارفەوە خەریکم و لەو بەرگەدا فەسلێکی تێدایە بەناوی (فوئاد عارف لەلای گەورە پیاوانی کورد) . بەبۆنەی گەیشتنی تەمەنی بە نەوەد ساڵییەوە، بەرێز مام جەلال تاڵەبانی

لە رۆژنامەی (الاتحاد) دا وتارێکی بەو بۆنەیەوە نووسیووە و بەتایبەتی ئاماژەی کردووە بە پەیوەندی نزیکی فوئاد عارف لەگەڵ بارزانی گەورەدا .

د. کەمال مەزهەر باسی لە ڕووداوێك کرد و گوتی : یەکێك لە هاوڕێ هەرە نزیکەکانم لە یەکێتی سۆڤیەت یەکێك بوو لە بارزانیەکان بەناوی د.حوسێن فەقێ ئەحمەد بارزانی، پێم وایە خۆی لەنزیك ناوچەی بارزانەوە ژیاوە . بەڵام بەشانازییەوە نازناوی بارزانی لە خۆی نابوو، جا ئەو هاوڕێیەکی زۆر نزیکم بوو کە گەڕاینەوە لە بەغدا هەر دراوسێ بووین و هەر ئەو پەیوەندییە نزیکەمان هەبوو .

لەکاتێکدا کە پرۆسەی ئەنفالی بارزانیەکان دەستی پێکرد ئەو لە بەغدا بوو ژنێکی رووسی هەبوو، دوو منداڵی هەبوو، لەگەڵ ژنەکەی کە ناوی (ناتاشا) بوو . لە نزیك ماڵی ئێمە دەژیا و رۆژێکیان ناتاشا بە گریانەوە خۆی کرد بە ماڵماندا و گووتی : حوسێن چۆتە دەرەوەو نەگەڕاوەتەوە دیارە گیراوە، منیش گووتم : باشترین چارەسەر ئەوەیە کە تۆ نامەیەك بە زمانی رووسی بنووسی و بینێرین بۆ (د. فازل بەراك) کە ئەو کات بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی بوو، گووتم : نامەیەکی پڕ هەستی بۆ دەنووسین تا لەرێگەی ئەوە وە بتوانین شتێك بزانین .

نامەکەمان بۆ نووسی پێم گووت : کە چۆن بینووسێ بەدەستخەتی خۆی و پاشان ناردمان بۆ د. فازل بەراك، دوو رۆژی پێچوو تەلەفۆنیان کردو ناردیان بەشوێن ناتاشا دا ئێمە زۆر دڵمان خۆشبوو، ناتاشا زۆر شادمان بوو بەدڵخۆشییەوە رۆیشت وچاوەڕوان بوو لەگەڵ خۆی بیهێنێتەوە، منیش لە دڵەڕاوکێدا بووم، بەڵام کاتێك ناتاشا

گەڕایەوە بینیم دەگریاو فرمێسك بە چاویدا دەهاتە خوارێ و نـەیتوانی بەدەم پێم بڵێ و بەدەست ئاماژەی بۆ کردم و گووتی : کوژراوە!!.

دوژمنانی کـورد ئـاوابوون لـەگـەڵ کەسـێکی بـێ تـاوانی وەکـو د. حوسێن بارزانی کە دکتۆرای لەسەر پرسی کورد وەرگرتبـوو، ئاوهـا دڵڕەق بوون بەرانبەر بە کەسێك کە تەنانەت نەیدابێتە شاخ هێشتا ئاوا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ.

دەبێت ئیتر دوژمنـانی کـورد چ هەسـتێکیان هـەبووبێت بەرانبـەر بـە بارزانی، بێگومان رەنگە ئەو داستانەی من بۆم گێڕایتەوە شتێکی نـوێ بێت و ئەوە بهێنێ کـە بڵاوبکرێتـەوە بـۆ ئـەوەی تیـشك بخەینـە سـەر گەورەیی بارزانی و خەباتی بارزانی نەمر و هەڵوێستی دوژمنانی کـورد بەرانبەر بەبارزانی و بارزانیەکان .

**● لەو وێنەیەدا کـە لەگـەڵ بـارزانی نـەمردا گرتـووتن، وەك خـۆت ئاماژەی پێدەکەی لەوکاتەدا بیرەوەری لەگەڵ بارزانیدا تۆماردەکەی، ئەوە چۆنە ئەگەر باسی بکەی؟**

– ئەو بیرەوەریانەم هـەمووی پاراسـتوومە، تەنانـەت خـۆت دیـدارت لەگەڵدا کردووم و ئەو وێنانەت لە رۆژنامەی خەبات بڵاوکردۆتـەوە ، ئەو وێنانە دوای گەڕانەوەی بارزانیی نەمرە کە لە یەکێتی سۆڤییەت گەڕایەوە لـە ساڵی ١٩٥٨ دا ئەو وێنانەی لەگەڵیدا گرتوومـە و ئـەو دیـدارەی کردوومـە لـەگەڵیـدا و ئەوشـتانەی کـە بـە بـارزانیم واژۆ کردووە، چونکە کێ بڕوا دەکات کە لاوێکی قوتابی لە پۆلی چـواری کۆلیژ بێت و بتوانێ بڕوات لەگەڵ بارزانیی نەمردا وێنە بگرێت و پێی

ئیمزا بکات، کە ئیمزاکەی بارزانی نەمر هەتاکو ئێستا ماومە و پاراستوومە.

**● ئەو دیدارەی کە بەرێزت لەگەڵ بارزانی نەمردا سازتداوە، پرسیارەکانت لەسەر چین و چۆن بوو؟**

– هەمووی لەسەر نەتەوەی کوردبوون، دەربارەی کورد و کوردایەتی بوون کە چۆن لە ڕێڕەوەکەی ئاراس و دەربازبوونی لە کۆماری کوردستان بەرەو یەکێتی سۆڤیەت . کەچۆن کراوە بە ژەنەراڵ و چی ناچاری کرد کە پەنابەرێتە بەر یەکێتی سۆڤیەت .. هەموویم پاراستووە و لەلامە .

**● ئەو دیدارە بڵاونەکراونەتەوە؟**

– بەشێکیم لە نووسینەکانی خۆمدا بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ئێستا کە خەریکی نووسینەووەی بیرەوەرییەکانم هەموو ئەو شتانە وەك خۆیان بڵاویان دەکەمەوە .

**● وەك مێژوونووسێك خوێندنەوەت بۆ شێخ عەبدولسەلام بارزانی چۆنە؟**

– عەبدولسەلام بارزانی برا گەورەی شێخ ئەحمەد و بارزانی گەورەیە، عەبدولسەلام کوردایەتیەکی زۆر دڵسۆزی کردووە، ئەوە بوو هەڵیانواسی و لە سێدارەیاندا لەسەر کوردایەتی لە زەمانی عوسمانیەکاندا، پێش جەنگی یەکەمی جیهانی، ئا لەوێوە سەرەتای کوردایەتی بارزانیەکان دەست پێدەکات ..

● ئەی شێخ ئەحمەدی بارزانی؟
– شێخ ئەحمەد زۆر دڵسۆزبووە، تەنانەت بارزانیەکان لە خۆشەویستی و رێزدا بە (خودانی بارزان)ـی نـاودەبـەن واتـە (خـاوەنی بـارزان)، شـێخ ئەحمـەد زۆر خۆڕاگربـووە و تەحـەمولی کـردووە، ماوەیـەکی دوورو درێژ دەستبەسەر بووە لە شاری بەسرە.
راپـەڕینی یەکـەمی بارزانیـەکان لـە سـاڵی ١٩٣١ – ١٩٣٢ دا بەڕابەرایەتی شێخ ئەحمەدی بارزان بووە، بـەڵام پـێم وایـە و رەنگیـشە وانەبێ شێخ ئەحمـەد بـارزانی وەك مـستەفا بـارزانی نـەمر شۆڕشـگێڕ نەبووە، کەمتر لە بارزانی شۆڕشی کردووە .

● چ بیرەوەرییەکی ساڵانی سەرەتای چلەکانت لەبیرە ؟
– لەو سەردەمانەدا من منداڵ بووم، باش لە بیرمـە کـە لـەو کاتانـەدا بارزانیەکان لـە سـلێمانی بـوون، بـەڵام بیرمـە لـە سـاڵی ١٩٤٧ دا خۆنیشاندانێکی زۆر گەورەبوو لەشاری سلێمانی لـە ئێـوارەوە تـاکو بەیانی کە داوایان دەکرد چوار ئەفسەرە کوردەکە لە سێدارە نەدرێن، ئەوەم زۆر باش لە یادە، شتی دیکەم بیستووە .
لــەو کاتانـەدا کـە بـارزانی پەیوەنـدی زۆر نزیکـی لەگـەڵ خـەڵکی ناسراوی ئەم شارەدا هەبووە بەتایبـەتی لەگـەڵ (حـاجی عـەزیز بـەگ باوکی کاك شەوکەتی سەیدەلی) ئـەوە هاوڕێمـە کـە زۆر چۆتە لای ئەوان و هەروەها بۆ لای (مەجیـد بـەگ) چـووە، بـاوکی (د. فوئـاد مەجید بەگ) و چەندین کەسایەتی دیکەی ئەم شارە.

ئاگام لێیە کاتێك بارزانی لە سلێمانییەوە دەربـازبوو کـە لـە ڕێگـەی (شێخ لـەتیف حەفیـد) ەوە توانیوویـەتی لـە سـلێمانی دەربازبێـت و بگەڕێتەوە بۆ بارزان و دیسانەوە شۆڕش بەرپا بکاتـەوە، وێـڕای ئـەوە ئەگەر سەیری ئـەو کتێبـەم بکـەی بـەناوی (کـوردو کوردسـتان لـە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیادا)، دەبینی بەشێکی زۆری تـەرخانکراوە بۆ خەباتی بارزانی، لە بەڵـگەنامە نهێنیـەکانی حکومـەتی بـەریتانیاداو بەشـێکی زۆری وێنـەکانی ئـەو کتێبـە تـەرخانکراوە بـۆ بـارزانی بەشیوازێکی تایبەتی . لەو بەڵـگەنامانەدا زۆر بایەخ بە بارزانی دراوە .

● **ئەو گرنگییە چییە لەو بەڵگەنامانەدا کە بە بازرانی نەمر دراوە؟**

– لەو بەڵگەنامانەدا زۆر بایـەخ بـە بـارزانی دراوە، چـونکە خـەباتی بارزانی خۆی خۆی فەرزکردووە و ئەوانیش واتە ئینگلیزەکان خۆیـان بە دوای ئەو راستیەدا گـەڕاون، ویـستوویانە ئـەو راسـتیە بـزانن وەك خۆی، بۆیە لە بەڵـگەنامەکاندا شوێنی ئێکجار دیارەو گرنگی پێدراوە.

● **لـەکتێبی (کـوردو کوردسـتان لـە بەڵـگەنامەکانی بـەریتانیا دا) نامەیەکت بەئیمزای مـستەفا بـارزانی سـەرۆکی ئەنجومـەنی شۆڕشـی کوردسـتانی ئێـراق بڵاوکردۆتـەوە لـە بـەرواری ١٩٦٦/١/١٥ دا لەسەرەوە بۆ (میستەر ویڵسن) سەرۆك وەزیرانی بەریتانیای نـاردووە لـە ڕێگـای بـاڵوێزی بـەریتانیا لـە تـاران لـەویٚ چـەند مەسـەلەیەك وروژێندراوە. وەك (کێشەی کورد، کێشەیەکی ناوخۆی نیە ئاشـتی و سەقامگیری ناوچەکە بەندە بە چارەسەرکردنی دۆزی کورد . بەریتانیا**

**هەولێ بخاتە گەڕ بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی پرسی کورد لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کورد)، بەڕێزتان وەك مێژوو نوسێك ئەم نامەیە چۆن دەخوێنیتەوە ؟**

– بەشێکی زۆری ئەو سەدان هەزار بەڵگەنامە نهێنیانەی حکومەتی بەریتانیا تەرخان کراوە بۆ باسی خەباتی مەلامستەفای بارزانی، بارزانی گەورە ڕۆڵی زۆر دیارە لە بەڵگەنامانەدا هەردەرفەتێکی بۆ هەڵکەوتبێت، هەولێ ئەوەی داوە.

من لێرەدا شتێکی خۆشت بۆ دەگێڕمەوە لە کتێبی دوومدا لە ساڵی ١٩٤٤ دا کەجۆرە ئاگر بەستێك بووە و لە راپەڕینەکانی ئەوڕۆژگارە بارزانی ناچاردەبێت بروات بۆ کوردستانی ئێران و دوایی بۆ یەکێتی سۆڤییەت، مستەفا خۆشناو لەگەڵ میرحاج دا، دەچنەلای بارزانی وەك هەنگاوێك بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کوردستانی ئێراقەوە بیان پەڕێنێتەوە.

کوردستان کە لەسەر ئالوگۆڕێکی گەورەبووە، بالوێزی بەریتانی نامەیەك بۆ بارزانی دەنێری پێ دەڵێ " جەنابی بارزانی نابێ تۆ بیگەیەنیتە ئەو رادەیە دوو ئەفسەری گەورەی هەڵهاتوو لە سوپای ئێراق پەنا بەرنە بەر تۆو تۆش بیان پەڕێنیتەوە بۆ کوردستانی ئێران، تکات لێدەکەم ئەوشتانە مەکە چونکە حکومەتی ئێراق سکالا لەوە دەکەن، لای خۆم شکاتیان کردووە . وەلامەکەی چی دەڵێ " بەڕێز بالوێزی بەریتانیای عوزما، ئەگەر وانەبوایە دەیگوت بەشەرفم کەواتە بارزانی زانیویەتی چۆن لەکاتی پێویستدا ڕەفتار دەکات..

سەبارەت بە هەماهەنگی کوردی باشوور و رۆژهەلات د. کەمال مەزهەر دەڵێ : هاوخەباتی و یەکچارەنووسی کوردی رۆژهەلات و

باشوور خەستوخۆڵ لە بەسەرهاتوو رووداوەکانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد رەنگیان دایەوە، بەر لە هەرشت مەهاباد بووە پەناگەی شۆڕشگێڕانی بارزان کە لە هەمانکاتدا ئەوانیش بوونە پاڵپشتێکی پتەوی کۆمارە ساواکەی کورد، ئەویش خۆی لەخۆیدا ببووە هۆیەکی سەرەکی ئەو بایەخ پێدانە زۆرەی دیپلۆماسییە ئێراقییەکان بەگشت جموجۆڵەکانی ئەو رۆژانەی کوردستانی ئێران، جارەهای جار ناوی بارزانی نەمر لە راپۆرتەکانیاندا هاتووە .

ئەو نموونانەی هێناومانەتەوە چەمکێکی کەمن لەو سامانە گەورە رەسەنەی بەڵگەنامە دیپلۆماسییە ئێراقیەکان بۆیان پاراستووین و دەتوانن رۆشنایی بخەنە سەر گەلێك لاپەڕەی بایەخداری مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کورد .

● **چەند جار بە دیداری بارزانیی نەمر گەیشتووی ؟**

– چەند جارێك بەدیداری بارزانی شادبووم، یەکێکیان ئەوکاتەی کە قوتابی بووم و لە چواری خانەی بالای مامۆستایان بووم، دوای ئەوەش لەسەرەوە بووین لەکوردستان لە کاتی شۆڕش، چونکە ساڵی ١٩٧٤ من دامە پاڵ شۆڕش و چوومە کوردستان و دووجاریش لەوێ بارزانیم بینی .

پێم وایە خوالێخۆشبووان دارا تۆفیق، ئەمینداری گشتی راگەیاندن، لەگەڵ خوالێخۆشبوو سامی عەبدولڕەحمان لەوێ بوون، کە چووینە ژوورەوە ژمارەیەکی زۆربوون و بەبارزانییان گووت : ئەمە کەمال مەزهەرە، دیارە پێشتر بۆیان باسکردبوو کە کەمال مەزهەر بە دڵسۆزی

هاتووەو وەها کاردەکات و تەنانەت سەری نەکردووە بە خاکی ئێراندا و هەر لێرە ماوەتەوە و شەو و ڕۆژ کاردەکات . ئیتر بارزانی دەستی گرتم و بردمی لای خۆیەوە دایناوم، جارێکی دیکەش لە نەغەدە کە لێمان قەوما بەدیداری بارزانی نەمر شادبوومەوە .

● کاتێك د. کەمال مەزهەر بارزانی بینی هەستی بەچی دەکرد ؟
– هەستم کرد کە پێشەوایەکی گەورەو ڕەهبەرێکی گەورەی کورد دەبینم، هەڵبەت وەك هەر کوردێکی دڵسۆز منیش شانازی بەو دیتنەوە دەکەم، پاش چاپکردنی کتێبەکانم کە ئێستا لە بەشی دووەمدا کاری تێدا دەکەم کە هەموویان ناوی لێدەنێم (کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی بەریتانیادا) لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیش دەدەم کە وێڕای ئەوە بیرەوەرییەکانی خۆم بنووسمەوە و ئەو دیدەنیانەی تێدا تۆمار بکەم و بەدوورو درێژی باسی ئەو لایەنە دەکەم .

● بەڕێزتان وەك مێژوونووسێك چیتان لەبارەی بارزانییەوە نووسیووە؟
– وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد زۆر زۆرم نووسیووە، هەر لە نامەی دکتۆراکانم لە ساڵی ١٩٦٣ لە یەکێتی سۆڤیەت بەزمانی رووسی نووسیوومە، لە ساڵی ١٩٦٧دا کە چاپکرا لە کوردستانی ئێراق لە ئینتیدابی بەریتانییەوە تاکو دواتر، شوێنی خەباتی بارزانیەکان لەو شتەدا زۆر دیارە.
پاش ساڵێك (هێبرت ئێڤانس) ئەو وتارەی بڵاوکردەوە دەربارەی ئەو کتێبە کە دەڵێن کتێبێکی بەنرخ و پڕبایەخە، گوتم شانازی بەوەوە

دەکەم کە ئـەو هەسـتی نـەکردووە مـن کـوردم، کەواتـە مـن وەکـو مێژوونووسێکی بێلایەن کارم کـردووە، چـونکە ئەگـەر تـۆ دەتـەوێ خزمەتی نەتەوەکەت بکەی دەبێت وەکو مێژوونووسێکی بێلایەن بێـت و هەولبدەیت هەست کـارت تێنـەکات، مەسـەلەی کـورد پرسـێکی رەوایە پێویستی بەوە نییە تۆ لایەنگری بکەیت، خۆی خۆی دادەپۆشـێ و خۆی دەسەپێنێ .

● **بارزانی هەڵوێستی چۆن بوو بەرانبەر بەتوێژی رۆشنبیران ؟**

– رەنگە شتێکی ئەوتۆ بەدوورو درێژی نەزانم لەو روانگەیەوە، بـەڵام حەزیکردووە توێژی رۆشنبیران رۆڵی خۆیان هەبێت، ئاگـام لێیـە کـە زۆر پشتگیری دارا تۆفیق بوو، چونکە لـە بنەڕەتـدا ئـەو کۆمۆنیـست بوو کە هاتە ناو شۆڕش لەژێر سایەی بارزانیـدا دەیتـوانی کاربکـات، چـونکە زۆریـان دووبـەرەکییان لەگەڵـدا دەکـردو دارا تۆفیقیـان خۆشنەدەویست تەنانەت خەڵکی وایان هەبوو (دارا تۆفیـق) یـان بـە سیخوڕی یەکێتی سـۆڤیەت دەزانـی و دەیـانگوت ئـەوان ناردوویانـە، بەڵام بەپێچەوانەوە بارزانی زۆر ئاگای لێبوو پشتگیری دەکرد.
داوتریش ئەوەبوو کە (دارا تۆفیق) گیانی لە پێناو کوردو کوردسـتاندا بەختکرد و بەعسیەکان کوشتیان و تەرمەکەشیان بزرکرد، تا ئێـستاش نەزانراوە لەکوێ کوژراوە.
سامی عەبدولڕەحمان زۆر نزیك بـوو لـە بارزانییـەوە، سـەیدا سـاڵح یوسفی، د. مەحموود عەلی عوسمان یەکێکە لە کوردە هەرە زیرەکەکان ئەوە سێ برابوون یـەك لەیـەك زیـرەکتر بـوون و دایانـە پـاڵ بـارزانی

خەباتێکی سەختیان گێڕا لە ژیانیاندا، د. مەحموود ویستی کچەکەی (کاکە زیاد) بخوازێ بارزانی خۆی چوو خوازبێنی کچەکەی کاکە زیادی کرد بۆ د. مەحموود، ئەم هەڵوێستانەی بارزانی کەمنین، مانای ئەوەیە کە بارزانی بایەخی داوە بە دەستەی رۆشنبیرانی کورد، بەلای منەوە ئەوە بەڵگەیە کە بارزانی ریزی لە رۆشنبیران گرتووە .

● **چ خاسیەتێکی بارزانی زیاتر سەرنجی بەڕێزتانی راکێشاوە؟**

– ئەو خاسیەتەی بارزانی سەرنجی رادەکێشام کە سوور بوو لەسەر کوردایەتی قسەکانی هەمووی لە جێگای خۆیدا بوو، شتی زۆر سەیری لێ دەگێڕنەوە لەو بوارەدا، ئەو خاسیەتەی بارزانی سەرنجی رادەکێشام کە لەڕووی نەتەوەیی و کوردایەتییەوە بارزانی هیچ کاتێک دریخی نەکردووە، ئەی بۆ دوژمنانی کورد ئەوەندە بە خوێنی سەری تینوو بوون؟.

هەڵبەت ئەوە هۆی سەرەکییە، واتە هەر لەزووەوە دوژمنانی کورد بەخوێنی سەری بارزانی تینوو بوون، بارزانی ناچاربووە پەنا بەرێتە بەر کۆماری کوردستان لە مەهاباد، دوای ئەوە خۆی نەداوە بەدەستەوەو ناچاربووە ماوەی ١٢ ساڵ پەنا بەرێتە بەر یەکێتی سۆڤیەت تاکو تەنازول نەکات بۆ دوژمن.

کاتێ کە بارزانی گەڕایەوە لەلایەن سەرجەم خەڵکی ئێراقەوە خرایە سەر تەوقی سەر، کە بارزانیەکان گەڕانەوە لە رێگەی بەسرەوە پێشوازییەکیان لێکراوە کەم وێنەبووە، من بەڵگەنامەم دۆزیوەتەوە کە چ پێشوازییەکیان لێکراوە، لەو رۆژەدا هەموو بازاڕو دوکانەکان

داخراون و رۆشتوون بۆ پێشوازی بارزانیەکان، چەند کەسێك لەو خەڵکە ئەوەندە بە حەماسەوە بوون خەڵکانێکی زۆر خنکاون لەئاودا، چونکە ئەوەندە چوونەتە قووڵایی کەنداوی عەرەبییەوە ئەوە لە خۆشەویستی ئەو بارزانیانە بووە ئەوە هەمووی لە بەڵگەنامەکاندا باسکراوە، باسی ئەو شتانە هەمووی کراوە .

**● ئەی بارزانی چ هەڵوێستێکی هەبوو لەسەر ناوچە دابڕاوەکانی ئێستای کوردستان، وەکو کەرکووك و خانەقین و مەندەلی و شنگال و زمار .. هتد ؟**

– جێگەی خۆشحاڵییە هەموو سەرکردەکانی کورد دان بەکوردستانیەتی کەرکووکدا دەنێن و سوورن لەسەری، هەمیشە کەرکووك و ئەو ناوچە کوردنشینانە لە ناخ و دەروونی بارزانیدا بوون، هەڵوێستی جوامێرانەو جوانی بووە، بارزانی گەلێك شتی دەگمەن و سەیری هەیە، دیسانەوە دەیڵێمەوە لە بەرگی دووەمی بیرەوەرییەکانی مامۆستا فوئاد عارف دا گەلێك شتی دەگمەن وگرنگ هەیە دەربارەی ئەو باسە .

**● مێژوو چۆن تێڕوانینێکی لەمەڕ مستەفا بارزانی هەیە ؟**

– هەموو ئەوانەی لەم دیدارەدا ئاماژەم پێکردن، مێژوو بەرز هەڵیاندەسەنگێنێ و لاپەڕەکانی مێژوو بە خەباتی بارزانی رازاوەتەوە . مێژووی نەتەوەی کورد، مێژووی هاوچەرخی کورد بەخەباتی بارزانی و بارزانیەکان رازاونەتەوە .

**● دەگێڕنەوە چەند جارێك لەدەرەوەی وڵات کەسانی بیانیت بینیووە کەزانیویانە تۆ کوردیت ئەوانیش باسی بارزانییان کـردووەو سەرسـام بوون بە بارزانی و ئاشنای خەباتەکەی بوون؟**

– لەسەر ئەو بابەتە دوو ڕووداوی خۆشت بۆ دەگێڕمەوە، جارێکیـان کە لە یەکێتی سۆڤیەت بووین، ڕۆژنامەیەکم دەخوێنـدەوە (الاخبـار)ی بەیروتی بوو وابزانم هی کۆمۆنیستەکان بوو، من لە پاسدا دانیـشتبووم ئەو ڕۆژنامەیەم دەخوێندەوە کاتێکم زانـی پیـاوێکی بەساڵاچـوو هاتـە لامەوە و لێی پرسیم گوتی : تۆ موسڵمانی ؟ گوتم بـەڵێ موسـڵمانم و کوردم و خەڵکی ئێراقم، گـوتی : ئـا... ئـای بـارزانی، بـارزانی زۆر گەورەیە.

گوتی : من ئاگاداری شتێکم، جارێکیان بارزانی چوو بۆ لای سـتالین دەمانچەی پێبووە، سکرتێرەکەی ستالین گوتویەتی من ڕێگەت پێنـادەم بە دەمانچەوە بچیت بۆ لای ستالین قەدەغەیە، ئـەویش پێـی گوتـووە، بـڕۆ بـە (جۆزیـف سـتالین) بڵـێ ئـەوە بـارزانی هـاتووە بـۆ لات، دڵسۆزترین دۆستە، من بەبێ چـەك ناچـمە ژوورەوە بـۆلای سـتالین، دەڵێت یەکسەر ڕێگایان دا بە بارزانی بچێتە ژووری بـۆ لای سـتالین، ئەگەر ئەمە دروستکراویش بێت دروسـتکردنەکە مانـاو واتـای خـۆی دەبەخشێ، خۆ لەخۆڕا لە دایك نابێت .

جـارێکی دیکـە لـە (ئەمـستردام) بـووم ڕێگـای ئوتێلەکـەی خـۆم بزرکردبوو هێشتا نەگەڕابوومـەوە بـۆ بەغـدا و لـە سـۆڤیەت بـووم، لەوێوە چوو بووم بۆ هۆڵەندا کوڕێکی لاوم بینی لەتۆ لاوتر بـوو لـێم پرسی گوتم : فلان ئوتێل لە کوێیە ؟ گوتی : تۆ خەڵکی کوێی ؟ گوتم

من کوردم و خەڵکی ئێراقم، ئەویش گوتی : ئـۆو بـارزانی، بـارزانی، بارزانی، گوتی : من حـەزم دەکـرد وخـەون بـەوەوە دەبیـنم یـەکێك بوومایە لە پێشمەرگەکانی بارزانی وەرە خۆم دەتگەیێنم، ئـیتر سـواری ئۆتۆمبێلـەکەی خۆی کردم هەتا گەیاندمییە بـەردەم بینـای ئوتێلـەکـە، زۆر بەگەرمی ماڵئاوایی لێکردم.

ئـەوەش لـە بیرەوەییـەکانی خۆمـدا دەنووسمـەوە، بەڕاسـتی هـەرگیز چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد گەنجێك لەو وڵاتەدا بەو شـێوەیە سەرسـام بێت بـە بـارزانی و بیناسـێ و شـارەزای خـەبات و نـاوی بێـت، لـە ئەورووپادا بەو شێوەیە گەنجێك ئاوا لەو رابواردن و خۆشی و شـادییەدا خەون بەوەوە ببـینێ کـە یـەکێك بێـت لـە پێـشمەرگەکانی بـارزانی، بەڕاستی ئەمە زۆر زۆرە .

**● ئەی بەگشتی لەسەر ئاستی جیهاندا بارزانی تا چەند ناسراوە ؟**

بەڕاستی بارزانی زۆر ناسراوە، هیچ کەس لە کـورددا ئەوەنـدەی ئـەو نەناسراوە، باوەڕناکـەم لـە جیهانـدا لێپرسـراوێ یـان بەرپرسـێك یـا رۆژنامەنووسێك هەبێت کە لەنزیکـەوە بـارزانی نەناسـێ و ئاگـاداری خەباتی بارزانی و بارزانیەکان نەبێت .

**● ئەی لەو سەردەمەدا بارزانی تا چەند توانی کێشەی کورد بەجیهان بناسێنێ ؟**

– ئاخر ئەوەیە کە تۆ بـارزانی بناسـی هەڵبەتـە کێـشەی نەتەوەکەشـی دەناسی، کەواتە بارزانی توانی تا ئاستێکی باش کێشەی کورد بەجیهان بناسێنێ، بێگومان بەڵێ لەو لایەنەوە رۆڵێکی گەورەی گێڕاوە .

**● بەڕێزتان وەك مێژوونووسێکی گەورەی کورد چۆن پێناسەی بارزانی دەکەن؟**

– دەڵێم بارزانی یەکێکە لە ڕێبەرە هەرە دڵسۆزەکانی نەتەوەکەمان، کە بێگومان هەموومان شانازی بە بارزانییەوە دەکەین و، پێم گووتی : کە بەڕێز جەلال تاڵەبانی لەم ماوەیەدا لە وتارێکیدا زۆر بەشانازییەوە بە (بارزانیی نەمر) ناوی دەبات، ئاگاداری ئەوەشم هەروەها لەڕێگەی فوئاد عارفیشەوە بیستوومە کە بارزانی تاڵەبانی زۆر خۆشوویستووە، ئاگادارم بارزانی بەدڵ تاڵەبانی خۆشدەویست .

**● وەك مێژوونووسێك کە ئاگاداربیت کاتێك بارزانی پەنای بردە بەر وڵاتی سۆڤیەت رووسەکان چ بەڵێنێکیان پێداو چییان بۆکرد؟**

– لەوێشدا دیسانەوە گەورەیی بارزانیی دەردەکەوێت، چونکە زۆر بەداخەوە یەکێتی سۆڤیەت کەوتە هەڵەوە لەجۆری رەفتاریدا بەرانبەر بە بارزانی و هاوەڵەکانی، پرژوبڵاوی کردنەوە،ناچاری کردن وەکو کرێکار یاخود وەکو جوتیار کاربکەن، جا پیاوەکانی بارزانی ئەوەندە دڵسۆز بوون رێگەیان نەدا بارزانی خۆی ئەو کارە بکات.

دوای کەوتنی ستالین و بەتایبەتی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی ١٩٥٨ ئیتر بایەخێکی زۆر درا بە بارزانی نەك لە لایەن سۆڤیەتیەکانەوە، بەڵکو لەلایەن کەسانی دیکەشەوە، بۆنموونە : کە بارزانی گەڕایەوە پێش ئەوەی بگاتەوە بەغدا (جەمال عەبدولناسر) لە رێگەی فرۆکەخانەی قاهیرەوە پێشوازی لێکردووە کە مامۆستائیبراهیم ئەحمەدی لەگەڵدایە، جەمال عەبدولناسر پێشوازییەکی گەرمی لە

بارزانی کردووه لـه ماڵـه‌که‌ی خۆیدا نه‌ك لـه ئۆفیـسـه‌که‌یدا، ئـه‌و تـه‌نیا پێشوازی لـه‌و که‌سه ده‌گمه‌نانه ده‌کرد لـه ماڵـه‌که‌ی خۆیدا که به‌لایه‌وه نزیك بوون و گـرنگ بـوون و ڕێزێکـی تایبـه‌تیان هـه‌بوو لــه نـاخ و ده‌روونی جه‌مال عه‌بدولـناسردا، بۆیه لـه ماڵـه‌که‌یدا پێشوازی لـێکردن.

**● خاسیه‌ته‌کانی سه‌رکرده له‌لای بارزانی نه‌مر چین؟**

– بـۆ هه‌ڵـسه‌نگاندنی بـارزانی بـا په‌نابه‌رینـه بـه‌ر مێژوونووسـان و ڕۆژنامه‌نووسه بیانیه‌کان، ئه‌وه‌ی ئه‌وان گووتوویانه ده‌ربـاره‌ی بـارزانی مایه‌ی شانازییه بۆ نه‌ته‌وه‌ی کورد، بـارزانی لــه کـۆڕی خه‌باتـدا تـه‌نیا له‌پێناو جێ به‌جێکردنی داخوازییـه‌کانی نه‌تـه‌وه‌ی کـوردا تێکۆشـاوه. بارزانی زۆر زۆرگه‌وره‌یه من خۆم بیره‌وه‌ری تایبه‌تیم له‌گـه‌ڵ بارزانیـدا هه‌یه .

هێشتا قوتابی (خانه‌ی باڵای مامۆستایان) بووم که شۆڕشـی چـوارده‌ی گه‌لاوێژی ١٩٥٨ به‌رپا بوو دیدارێکم له‌گه‌ڵ کرد و چه‌ند وێنه‌یـه‌کی ده‌گمــه‌نمان پێکــه‌وه گــرت .. پــاش ئــه‌وه لــه ســاڵی ١٩٧٤ دا به‌شـانازییه‌وه دامـه پـاڵ شۆڕشـی کـوردو، ئه‌مـدی کـه بـارزانی چ دڵسۆزێکه و چۆن هه‌وڵ ئه‌دات کـه داخوازییـه‌کانی نه‌تـه‌وه‌ی کـورد جیبه‌جێ بکاو بیگه‌یه‌نێته ئامانج، ده‌بێ هه‌موومان په‌یڕه‌وی ئـه‌و ڕیبـازه پیرۆزه‌ی بارزانی نه‌مر بکه‌ین.

**● لــه‌کاتی ڕێککه‌وتنامــه‌ی جــه‌زائیردا ده‌ڵــێن بــه‌ڕێزت و چــه‌ند که‌سایه‌تیه‌کی ناسراو یاداشتێکتان به حکوومه‌تی ئه‌وسای ئێـراق داوه بۆ چاره‌سه‌رکردنی کێشه‌ی کورد، ئه‌وه چۆن بوو؟**

– ڕێککەوتننامەی جەزائیر هەنگاوێکی ئێکجار چەپەڵ بووو کە شـای ئێران نای، ئەمە دیسانەوە لـە بەرگی دووەمی بیرەوەرییەکانی (مامۆستا فوئاد عارف)دا باسی ئەوە دەکەین، کە کاتێك فوئاد عارف نامەیـەکی ڕێك وپێك و دوروو درێژی نارد بۆ سەدام حوسێن کە پێی دەڵێ :
تکات لێدەکەم پاشگەز بەرەوە لەو ڕێککەوتننامەیـە و لـەگـەڵ کـوردا بگەنە ئەنجامێك، تکایـە ئـاوڕێکی ڕێکوپێـك و دڵ فراوانـە لـە کـورد بدەوە، دڵنیام کە نەتەوەی کورد بۆ خۆت کەسـپ دەکـەیت، دڵنیـام ئەو ڕێککەوتننامەیە خراپە و، لێـی پاشـگەزدەبیتەوە چـونکە بەڕاسـتی هـیچ کەسـێك و لایـەن و حکوومـەتێك کـاری وای نـەکردووە، نـە عوسمانیەکان، نە ئینگلیزەکان نە ڕژێمـی پاشـایەتی نـە عەبدولکـەریم قاسم نە عەبدولسەلام عارف و نە عەبدولڕەحمان عارف، کەسێکیان یا لایەنێکیان (نیوەی کەنداوی عەرەبی) دابێ بە ئێران، بەڵام بـێ سـوود بوو .
(سەدام حوسێن) نیوەی شەتولعەرەبی دا بەئێران تەنیا بۆ یەك مەبەست بوو، بۆ ئەوەی کەوا پرسی کورد لەناو بەرێت، ئەو هەڵـە گەورەیـەی کرد، بۆیە کە فوئاد عارف ئەو نامە گەورەیـەی بـۆ نـاردووە، نامەکـە لەلایەن خوالێخۆشـبوو خەسـرەو تۆفیـق، بـرای دارا تۆفیقـەوە بـۆی نووسراوە کە خەسرەو یەکێك بـووە لەوانـەی کـە بەڕاسـتی و بـە دڵ بـارزانی دەپەرسـت، نامەکـەیان نووسـیووە و ناردویانـە لـە ڕێگـەی فرۆکەوانێکەوە بۆ سەدام حوسێن.
دوایی سەدام نامەکەی پشتگوێ خستووە، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ سەدام کاك فوئـاد عـارفی زۆر خۆشویـستوە . ئینجـا (سـەیدا سـاڵح

یوسفی) ئەویش نامەیەکی بەهەمان شێوە لەسەر ئەو بارودۆخە بۆ سەدام نووسیوە، من خۆم ئاگادارم کە سەدام حوسێن لە ڕێگەی ئێزگەو ڕۆژنامەوە وەڵامی سەیدا ساڵح یوسفی دایەوە و پێی دەڵێ : هیچ کاتتان لە بەردەمدا نەماوە، تەنها ئەوە نەبێ کە خۆتان بدەن بەدەستەوە.

سەیدا ساڵح یوسفی یەکێك بووە لە دڵسۆزەکانی بارزانی و لە زووەوە نووسینی لەسەر خەباتی بارزانی هەبووە و شیعرێکی جوانیشی هەیە بۆ بارزانی، سەدام گوتی : یەك ڕێگەتان بە دەستەوەیە ئەویش خۆتان بدەن بەدەستەوە، ئەوەبوو ئەوانیش هاتنەوە، کە ئەوە یەکێك بووو لە هەڵە هەرە گەورەکانی سەیدا ساڵح یوسفی و دارا تۆفیق کە نەدەبوو بێنەوە بەردەستی سەدام حوسێن، ئەوەبوو کە نامەیەکی بۆ سەیدا ساڵح یوسفی نارد کە بەمین چێنرابوو لە دەستیدا تەقیەوە و کۆچی دوایی کرد، دارا تۆفیقیش بزرکرا و تا ئێستاش نەزانرا چۆن کوژرا، ئەوە یەکێك بوو لە هەڵە گەورەکانیان کە بڕیاریاندا بگەڕێنەوە ئێراق .

**● خەڵك پێی وایە لەراگەیاندنی پارتیدا لەساڵی ١٩٧٤ دا ڕۆڵێکی گرنگت هەبووە، ئەوە چۆن بوو، یا چۆن چوویتە دەرەوەو لەرێگەی کێوە بوو؟**

– سەرەتا نیازم نەبوو بدەمە پاڵ شۆڕش، چونکە دەمزانی پێشمەرگایەتی بەمن ناکرێ، نیازم بوو هەر لە کۆڕی زانیاری کورد بمێنمەوە کە سەرۆکەکەی ئیحسان شێرزاد بوو، چونکە دەمانتوانی لەو

بوارەدا خزمەتی خۆمان بکەین و پارێزگاری لە کۆڕی زانیاری کورد بکەین، بەڵام دوو نامەم بۆ هات هەردووکیان لەبەڕێز مەسعوود بارزانییەوە، یەکێکیان لە ڕێگەی خوالێخۆشبوو (دکتۆر-عەبدولڕەحمان قاسملۆ)وەو ئەوی دیکەیان لە ڕێگەی خوشکی خوالێخۆشبوو (سەلاح سەعدوڵڵا) کە پێم وایە ماوەو هیوادارم تەمەنی درێژبێت لە هەردوو نامەکەدا کاك مەسعوود دەڵێ :-

جەنابی بارزانی دەفەرمووێ : هاتنی دکتۆر کەمال مەزهەر بۆ ئێرە پێویستە، ئیتر هیچ ڕێگایەکی دیکەم نەماو زۆر بەئەرکی خۆمم زانی کە بدەمە پاڵ شۆڕش و بچمە دەرەوە . ئیتر شمەکی خۆمم کۆکردەوە، بەڵام دڵم لای کتێبخانەکەم بوو، کتێبخانەکەم گواستەوە بۆ ماڵی خوشکی حوسێن فەیزوڵڵا جاف لەکۆڕێ، حوسێن فەیزوڵڵا لەگەڵمان بوو کاری دەکرد، خوا هەڵناگرێ پیاوانە کتێبخانەکەی بۆ پاراستم، ئیتر من هاتم و دامەپاڵ شۆڕش، وابزانم دریغیم نەکردووە.

دەتوانی پرسیار بکەی لەو کەسانەی کاریان لەگەڵدا کردووم و ئێستا زۆربەیان لە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کاردەکەن وەك : (بارزانی مەلاخالید کە بێژەر بوو، فەرهاد عەونی، لەگەڵ چەند کەسی دیکە کە لەوێدا بوون کاك فەلەکەدین کاکەیی) و...هتد. لەوانە بپرسی کە کەمال مەزهەر چۆن بووەو چۆن کاری کردووەو ڕۆڵی چۆن بووە، من نابێ خۆم باسی خۆم بکەم، بەڵام لە بیرەوەرییەکانی خۆمدا بەدوورو درێژی باسی دەکەم و تۆماری دەکەم، چونکە ئەوە موڵکی نەتەوەی کوردەو موڵکی من نیە.

**● ئەو پشوو درێژییەی بارزانی نەمر لە خەباتی سیاسی و چەکداری خۆیدا چۆن دەبینی ؟**

– پێشتر ئاماژەم پێکرد کە من زۆر بەشانازییەوە باسی ئەوە دەکەم وە تاقیکردنەوەیەکی گەورەیە و لاپەڕەیەکی گەورەیە لە مێژووی رزگاریخوازی نەتەوەی کورددا .

**● ئایا بارزانی موڵکی پارتییە بەتەنیا، یاموڵکی کوردە ؟**

– نەخێر .. نەخێر . بارزانی موڵکی پارتی نیە و موڵکی نەتەوەی کوردە، موڵکی ئەمڕۆ و دوارۆژی نەتەوەی کوردە . خۆزگە پرسیارێکی ئاوات ئاراستەی بەڕێز جەلال تاڵەبانی دەکرد، چونکە ئەو بەدوورو درێژی بۆی باسدەکردی کە رۆڵی بارزانی چیە؟ چونکە کاتێك تەرمەکەی بارزانییان هێنایەوە و لە کوردستاندا بەخاکیان سپارد، جەنابی مام جەلال بە شانازییەوە بەشداریکرد لە بەخاك سپاردنی تەرمی بارزانی نەمردا و وتەی زۆرجوانیشی پێشکەشکرد .

**● ڕاگەیاندن لەو کاتەدا رۆڵی چی بووە ؟**

– راگەیاندن لەو سەردەمەدا زۆر زۆر رێکوپێك بوو سەرکەوتوو بوو، ئەوانەی لەگەڵ مندا کاریان دەکرد و بەیەکەوە کارمان دەکرد، برای هەرە خۆشەویستم (جەلالی عومەری ساماغا، یەکێکی دیکە لە برا هەرە خۆشەویستەکانم فەلەکەدین کاکەیی، برایەکی ئێکجار نزیکم مستەفا ساڵح کەریم)، ئەمانە هەموو بەیەکەوە زۆر دڵسۆزانە کاریان دەکرد.

ئێزگـە عەرەبیەکـە لەسـەر ئەسـتۆی (کـاك فەلەکـەدین و کامـەران قەرەداخی) بوو کە لەم دواییەدا سکرتێری مام جەلال بوو لە بەغـدا . کوردییەکەش بەتایبەتی لە ئەستۆی مستەفا ساڵح کەریم بوو، ئیتر بـەو جۆرە لەو رۆژگارە سەختەدا زۆر بە دڵسۆزی کاریان دەکرد . ئەرکی ڕاگەیاندن ئەوەبوو دەمانوویست یەکـەم شـت درۆکـانی حکوومـەتی ئەوکاتە روونبکەینەوە، دووەم شت ئازایەتی و خـۆراگری پێـشمەرگە بخەینەڕوو کە بێ ئەندازە ئازابوون ..

رووداوێکت بۆ بگێڕمەوە یەکێك لەوانەی لەگـەڵـماندابوو (زەکیـە ئیسماعیل حەقی) بوو، ڕۆڵی هەبوو لـە ئافرەتـانی کوردسـتاندا، لـەو کاتەدا زەکیە بۆی گێڕامەوەو گوتی : ڕۆژێك چووین بۆلای دایکێـك هەواڵی شـەهیدبوون یـەکێك لـە کوڕەکانیمـان پێڕاگەیانـد گـوتی : دایکەکە پیرەژنێك بوو پاش هەواڵەکە پێی گووتین یەك پرسـیارم هەیـە لێتان، ئایا گوللـەکە بەرسنگی کوڕەکەم کەوتووە یان بەرپـشتی، واتـە ئایا لە کاتێکدا کە هێرشی بردووە پێکراوە یا کە لـە دەسـت دوژمـن ڕایکردووە؟؟

زەکیـە دەڵـێ : کـەپێمانگوت بەرسـنگی کـەوتوەو لـەکاتی هێرشـکرندا شەهیدبووە، گوتی : دایکەکە یەکسەر خۆشحاڵی خۆی نیـشاندا و گـوتی : ئەوە کوڕی منەو دەبوو شەهیدبێت لە پێناوی کوردو کوردستاندا، ئەمـە شتێکی هەروا ئاسان نییە، چونکە دڵی دایك هەروا ئاسـان نیـەو هێجگـار دڵی دایك گەورەیـە، دڵـی دایکێـك ئـاوابوو بێـت بیـەوێت کوڕەکـەی ئەوەندە ئازابوو بێت لەکاتی هێرشکرندا شەهید بووبێـت نـەك لـەکـاتی هەڵاتنـدا بەڕاستی ئەمە داستانێکی هێجگار گەورەیە .

**• هەنـدێك كـەس بـارزانی بـەوە تاوانبـار دەكـەن كـە نـەدەبوو دەستبەرداری شۆڕشـی ئـەیلوول بێـت ؟ راوسـەرنجی بـەڕێزت لـەو رووەوە؟**

– هـەرگیز باوەڕناكـەم بـارزانی دەسـتبەرداری شـۆڕش بووبێـت و دەستبەرداری نەبووە . ئەو قسەیە هەركەس بیكات ڕاست نیـە، چـۆن یەكێك لە بەرزترین پلەی خەباتی خۆیدا دەستی لیٚ هەڵـدەگریٚ ؟ تـۆ شـتێكی یـەك لەسـەدی بـارزانی ناكـەیت بەوپـەڕی شـانازییەوە دەیگێڕێتەوە، ئەی چۆن بارزانی ئەوە بەرزترین پلـەی خـەباتی بـووەو وازی لێدێنیٚ، دوای ئەوە بارزانی ئیمانی هێناوە بە شـۆڕش، ئینجـا بـە تەواوی بڕوای بەئێرانی ئەو سەردەمە نەماوە دیسانەوە پێـت دەڵێمـەوە لە بەرگی دووەمی بیرەوەرییەكانی فوئاد عارف دا گەلێك شتی دانسقە لەوبارەیەوە هەیەو دەیخوێنیتەوە ئەگەر سەیری بكەیت، كە پێـچەوانەی ئەو قسانە ڕاستە .

ئەوەی وابلیٚ بارزانی دەستبەرداری شۆڕش بـووە بـەلای منـەوە ئـەوە بێویژدانیە بەرانبەر بە بارزانی دەكریٚ . دەبیٚ بزانرێـت بـۆ وادەڵـێن و چی پاڵیان پێوەدەنیٚ وابلێن و دەبیٚ بەدووی ئـەوەش بكـەوین . دەنـا بڕواناكەم یەكێك دڵسۆزبێت بە نەتەوەكەی وابلیٚ، ڕەنگە خـەڵكێكی دڵـسۆزیش بێـت، بـەلام بۆچـوونێكی هەڵـەی هـەبێت، كـە بـۆی روونبكەیتەوە دوورنیە پاشگەزبێتەوە.

تۆ وازبهێنە لـە بـارزانی بـڕۆ بۆهـەر رێبـەرێكی تـر، سـەرۆك جـەمال عەبدولناسر لەوانەیە كەمێك هەڵەی هەبووبێت، بـەلام ئـەو پەشـیمان دەبێتەوە لە خەباتی خۆی ئـەو خەباتـە گەورەیـەی كـە كـردی ؟ خـۆ

شۆڕشی ساڵی ١٩٥٢ی کـەم نیـە، ئـەو شۆڕشـە لـە میـسر نەبوایـە زەحمەتبوو شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ لـە ئێراقـدا ڕووبـدات، ئێستا دەبێت بێن و بڵـێن جـەمال عەبدولـناسـر پەشـیمانە لـە خـەباتی خۆی؟، پەشیمانە لە چی؟ لەوەی کـە کـەناڵی سویـسی خۆمـاڵیکرد، چۆن شتی وادەبیٚ .

● **ئەگەر پێناسەیەکی مێژوومان بۆ بکەن ؟ یا پێمان بڵـێن کـە چـەند جۆر مێژوومان هەیە ؟ یا مێژوو خۆی لەچیدا دەبینێتەوە ؟**

– من کتێبێکی تایبەتیم هەیە دەربارەی مێژوو (٤٠٠) لاپـەڕە دەبێـت بە زمانی کوردی، لەوێدا هەر باسی مێژووم کردووەو، بایەخی مێژوو، مارکس دەڵێت : (لە دنیادا یەك زانستی گەورە هەیە ئەویش مێژووە).
مێژوو دەکرێت بە دووبەشەوە : مێژووی زانستە رووتەکان، وەك فیزیا و کیمیاو ئەو جۆرانە، مێژووی مرۆڤــ و ژیـانی مرۆڤــ و ئـابووری و کۆمەڵایەتی و ... هتد .
مێـژوو زانـستێکی زۆر گەورەیـە، کەواتـە بایـەخی مێـژوو هێجگـار گەورەیـە . کەواتـە مـن دەرکـی ئـەوەم کـرد بۆیـە زۆر زوو کەئـەو کتێبەشم دەرکرد بەناوی مێژووەوە . برادەرێکی دڵسۆزم هەبوو گاور بوو، دراوسێمان بوو، ئـەو وێنـەی دەکێـشا، رۆژێکیـان پـێم گـووت کتێبێـکی وەهام هەیە دەمـەوێت بـۆ سـەر بەرگەکـەی وێنەیـەکم بـۆ بکێـشن، گـووتی دەربـارەی کتێبەکـە فکرەیـەکم بـدەریٚ، منـیش بیرۆکەیەکی کورتم دایێ.
ئەویش وێنەیەکی ئەوەندە نازداری دامیٚ کەبەقەدەر نرخی کتێبەکە ئەو

وێنەیە نرخی هەبوو، داربەڕوو سمبولێکی کوردایەتییە، هەژاری کـورد و خەباتگێڕانی لەکاتی خۆیدا هەر لەسەر بەڕوو دەژیان، ئەگەر بـیرت بێت پیاوانی بارزانی گەورە کاتی خۆی تورەکەیەکیان پڕ دەرکـرد لـە توتن و تورەکەیەکی تریان پڕدەکرد لە بەڕوو، دەچـوون بۆخـەبات و لە سەنگەردا دژی دوژمن دەجەنگان، بەڕوو ئەوەیە، جا داربەڕووەکـە رەگی زۆر داکوتاوە بەکەس هەڵناکەندرێ، بەلای منەوە مێژوو ئەوەیە بۆیە لەو کتێبە چوارسەد لاپەڕەییەدا بـەدوورو درێـژی باسـی بایـەخی زانستی مێژووم کردووە.

بەتایبەتی مێژوو بۆ نەتەوەیەکی ستەم لێکـراوی وەك نەتـەوەی کـورد کە خەباتێکی دوور و درێژ و بێ پسانەوەی هەیە (خەباتی بـێ وچـان، خـەباتی کـەم وێنـە) لــە مێـژوودا، لــە بەرئـەوە ئـەو کتێبـەم بۆئـەوە تەرخانکردووە .

وەك پێشـــتر ئـــامـاژەم پێکـرد پێناسەی مێـژوو ئەوەیـە کـە (کـارل مارکس) کردوویەتی، بەلای منەوە ئەوە جوانترین پێناسەی مێژووە کە دەڵێ : لە ژیاندا یەك زانـست هەیـە ئـەویش مێـژووە . مێژووەکـەش دەکرێ بەدووبەشەوە بەشێکیان مێژووی زانستە رووتەکانە، بەشەکەی تریان مێژووی مرۆڤە .

**● ئایا زانستی مێژوو لەناو کوردا درووست بووە ؟ لەژێر تیشکی ئەو کتێبەی کە لە سالآنی هەشتاکاندا نووسیووتانە بەناوی مێژوو ؟**

– ئێمەی گەلی کورد لەبەرئەوەی نەتەوەیەکی ستەم لێکراوین، لەبـەر ئەوەی دابەشکراوین بەسـەر چـوار وڵاتـدا (ئێـراق، ئێـران، تورکیـا،

سوريا)، لەبەرئەوە هەمیشە لـە کـۆڕی خەباتـدا بـووین، نـە ڕەهبـەرە کوردەکان نە ڕووناکبیرە کوردەکـان کـاتێکی ئـەوتۆیان نـەبووە کـە تەرخانی بکەن کەوا مێـژوو بنووسـنەوە یـا مێـژووی خـەباتی خۆیـان بنووسنەوە. ئێمە لەو بوارەدا کـەمان هەیـە، بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا یاداشتەکانی مامۆســــتا (ڕەفیـق حیلمـی) و یاداشـتەکانی (ئەحمەد تەقی) یان یاداشتەکانی ئەحمەد خواجە ئەمانە کەم نین.
باش لە بیرمە کە ساڵی ١٩٧٤ من دابوومە پاڵ شۆڕش ئەوکاتـە کـاك (دارا تۆفیق فەتحوڵڵا) ئەمینی گشتی ڕاگەیاندن بوو، منیش یاریدەدەری بووم، گووتی : بیرۆکەیەکی وامان هەیە کەتۆ لەگەڵ جەنابی بارزانیـدا دابینشیت کە ئەو بـەدەنگ بیرەوەرییـەکانی خـۆی بگێڕێتـەوەو تـۆش تۆماری بکەی، مـن زۆر زۆرم پێخـۆش بـوو، ئـیتر ئـەوەبوو شـۆڕش نوشستی هێنا و تووشی کارەسات بووین، بە داخەوە ئیتر مەودای ئەوە نەما و پاش ماوەیەك بارزانی بەمەبەستی چارەسەری نەخۆشی چـوو بـۆ وڵاتە یەکگرتووەکانـی ئەمریکا بـەداخەوە لەوێ کۆچی دوایکرد .
پاشان من زۆر پەشیمان بوومەوە کە لەگەڵێدا نەچـووم بـۆ ئـەمریکا، ئەگـەر ئـەو ماوەیـە لەگەڵیـدا بوومایـە کـە بیرەوەرییـەکانی خـۆیم بنووسیایەتەوە، ئەو بیرەوەرییانە ئێستا دەبوون بەسەرچاوەیەکی ڕەسـەن و دەگمەن بۆ مێژوونووسان و سیاسەتمەدارانی کورد .

● هۆی چی بوو نەچوویت ؟
– وەڵڵاهی سەرمان لێ شێوا، چونکە کارەساتەکە وەها کتـوپڕ بـوو، خیانەتی (حەمە ڕەزا شای ئێران) بە جۆرێکی ئـەوتۆبوو کـە هـەموان

سەرمان لێ شێوا و کەس نەیدەزانی چی بکات . تەنانەت هەتاکو پێشنیازیان بۆکردم کە بچمە فەرەنسا چونکە (د.کامەران عالی بەدرخان) کۆچی دوایی کردبوو، بۆئەوەی من بچمە ئەوێ و لە بەشی رۆژهەڵاتناسی لە فەرەنسا، لەو بەشە کارم بکردایە لە جێگەی د.کامەران عالی بەدرخان، ئیتر ئەوانە هیچیم بۆ نەکرا، ئێستا زۆر پەشیمانم .

**● کاتێك مستەفا بارزانی کۆچی دوایی کرد، دکتۆر کەمال مەزهەر هەستی بەچی دەکرد ؟**

– کاتێك بارزانیی نەمر کۆچی دوایی کرد من لە بەغدا بووم، زۆر دڵگران بووم .. ئەو رۆژە یەکێك بوو لە رۆژە هەرە تاریکەکانی ژیانم . جارێکی تریش باسم کرد بۆت کە برادەران بەتایبەتی کاك دارا تۆفیق پێی ڕاگەیاندم: شەوانە پاش کاتژمێر دەی شەو کاتێك کاری ئیزگە تەواو دەبێت و بارزانیش لە شەڕ دەگەڕێتەوە، تۆ بچۆ بیرەوەرییەکانی بارزانی بنووسەرەوە، بەڵام بەداخەوە نەڕەخسا . دوایی کە بارزانی کۆچی دوایی کرد چەندین جار لە دیدارە تایبەتەکانی خۆمدا، یا دیداری تەلەفزیونی یا رۆژنامەکاندا گوتوومە خۆزگە لەگەڵی دادەنیشتم یا لەگەڵی دەڕۆیشتم کاتێ کە چوو بۆ ئەمریکا.
رۆژی کۆچی دواییەکەشی، یەکێك بوو لە هەرە رۆژە ناخۆشەکانی ژیانمان و رۆژە هەرە تاریکەکانی ژیانی هەر هەموومان ..

**● ئایا ئەو غەیرە کوردانەی مێژووی کوردیان نووسیووەتەوە، مێژووەکەیان وەك خۆی نووسیووە یان شتی دیکە هاندەریان بووە؟**

– مێژوو دوو جۆری هەیە، واتە تۆ نابێت داوا لە کابرایەکی ئینگلیز بکەیت کە وەك تۆ بیربکاتەوە، ئەو دەبێت بیر لە بەرژەوەندی وڵاتەکەی خۆی بکاتەوە، لەکاتێکدا کە دەبینێرن مێژووی کورد بنووسێتەوە ئەو دەبێت ئەو لایەنە بگرێتە بەرچاو، کەم مێژوونووس هەیە و بەدەگمەن هەیە وەك (دانا ئادەمز شمیدت)ـی رۆژنامەنووسی ئەمریکی دەربارەی بارزانی و خەباتی بارزانی بنووسێ . ئێمە وەکو کورد قەرزاری ئەو رۆژنامەنووسەین، چونکە شتی وەهای نووسیووە دەربارەی بارزانی کە باوەڕناکەم هیچ مێژوونووسێکی تری کورد لەوە قوڵتر و لەوە دڵسۆزانەتر هەڵسابێ بینوسێتەوە .

یان بۆنموونە : گەڕیدە ئینگلیزەکان ئەوانە لە جەنگی یەکەمی جیهاندا کە هاتوون و بەکوردستاندا گەڕاون، راستیەکانیان وەکو خۆی گواستۆتەوەو وەکو خۆی نووسیویانەتەوە، ئەو راستیانە سەرچاوەیەکی رەسەنن بۆ دۆزینەوەی مێژووی نەتەوەیەك.

● دوا وتەت چییە لەسەر مێژوو ؟

– هیوادارم هەمیشە مێژووی نەتەوەی کورد لە گەشەسەندن دابێ، هیوادارم ئەم تاقیکردنەوەیەی نەتەوەکەمان یەکجارسەرکەوتووبێ، من هەمیشە لەوە دڵنیام کە ئەمڕۆمان لە دوێنێمان باشتر دەبێت، ئێمە لە دوێنێدا هاتینە سەر نەمان، ئیمڕۆمان گەلێ لە دوێنێ باشترە، هیوا دارام سبەینێمان لە ئیمڕۆمان باشتر بێت، ئەوە دوعای پیرە کوردێکە بۆ نەتەوە هەرە دڵسۆزەکەی کە هیچ شتێك نیە بەقەد نەتەوەی کورد پیرۆزبێت لەلام.

● **دوا پەیڤت ؟**

**– دەمەوێت باسی ئەو دوو کتێبەم بکـەم کـەزۆر شـانازی پێوەدەکـەم** بەناوی:– (**كركـوك وتوابعهـا ... حكـم التـاريخ والـضمير) دراسـة وثائقية عن القضيه الكردية في العراق** . چونکە ئـەو کتێبـە پێـشکەشم کردووە بە : (**الى كل عربيي يرفض ان يكون ظالمآ بقـدر مـايرفض أن يكون مظلوما**). بەڕاستی هەنـدێك جـار هەسـتدەکەین عەرەبـەکان بـە چاوێکی نزم سەیری نەتەوەکانی تر دەکەن، بۆیە دەڵـێم : **پێـشکەشی دەکەم بەهەر عەرەبێك کە چـۆن نایـەوێت خـۆی ژێـر دەسـتەبێت و قبوڵی ناکات، بەو جۆرەش ڕێزی ئەوانەش بگرێ کـە قبـوڵی ناکـەن ژێردەستەبن وەکو کورد .**

زۆر بەختەوەربووم کە بینیم کتێبەکەم یەکسەر وەرگێڕدراوەتەسـەر زمـانی ئینگلیزی و، بەبێ ئەوەی کە من ئاگادارہم لە تورکیادا کرا بەتورکی، ئەو کتێبەش دوو بەشی تەواوبووەو، دووبەشی مـاوە، بـەرگی یەکـەم و دووەم لەسـەر کەرکووکـە، بـەرگی سـێیەم لەسـەر خانەقینـە چـونکە لـەوێش کێشەمان هەیە، بەرگی چوارەمی لەسەر شەنگال و برا ئێزیدیەکانە .

هیوادارم کە دەرفـەتی ئـەوەم بـۆ هەڵـکەوێ کـە ئـەو کتێبانـەم بـۆ تەواوبکرێت، چونکە هەرچی پێویستە کۆمکردۆتەوە، لە سەرچـاوەی زۆر دەگمەنەوە لە بەڵـگەنامەی زۆر بەنرخـەوە، هیـوادارم ڕۆژێ لـە ڕۆژان کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند بکەم .

---

**ئەمە دەقی ئەو چاوپێکەوتنەیە کە لە ڕۆژنـامـەی (خەبات) بڵاوکرایەوە بە چەند زنجیرەیەك.**



تەشرینی یەکەمی ١٩٥٨، چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی کەمال مەزهەر لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی دوای گەڕانەوەی لە یەکێتی سۆڤییێت



بارزانی واژۆ لەسەر دەقی چاوپێکەوتنە رۆژنامەوانییەکەی لەگەڵ

د. کەمال مەزهەر دا دەکات



بارزانی نەمر، ئەسعەدخۆشەوی، مێژوونووسی کورد کەمال مەزهەر،

عومەر دەبابە